یەکێتی دیموکراتی کوردستان

## بەیاننامەی یەکێتی دیمۆکراتی کوردستان بە بۆنەیساڵیادی بووردومانی شیمیایی هەڵەبجە

لە بەرواری 16 مارسی 1988 زایینی بەرابەر بە 25 رەشەمەی ساڵی 2678ی کوردی جارێکی دی دەستی پیس و پۆخڵی رەشەکوژی و دیکتاتۆرییەت بەرەو کورد و زێدی کوردستان خۆی راکێشا و ئەم جارەیان بەرۆکی هەڵبجەی خۆشەویستمانی گرت و ملی خستەبەر تێخی شمشێری ژینۆساید و جارێکی دی بەناوی عەرەب و ئەنفالەوە بۆ دووهەم جار هاتنی ئەم کارەساتەی وەبیرهێنایەنەوە و هەگبە و ئاورگی کۆڤان و کەسەری ئێمەی کوردی چەند ئەوەندە بەتینتر کرد و لاپەڕەیەکی رەشی پەرتووکی مرۆڤایەتی بەو ئەو پەڕی نامرۆڤایەتییەوە هەڵدایەوە.

یەکەم جار و دواجار نیە و نیشە کە کوردستان و گەلەکەمان دیمەنێکی دزێو بەم جۆرە ودەستی رەشەکوژی بە خۆیەوە دەبینیٚ و هەرجار بووتە قووتی دوژمنانی زاروئاسامان.

هیوادارین کە وەبیرهێنانەوە و رێز گرتن لە وەها کارەساتێك ، رۆحی یەکێتی و تەبایی و برایەتیمان پتەوتر لە جاران خۆی بگریٚ و جارێکی دی گەلەکەمان و کوردستانمان دەستی رەشەکوژی و تراژدیا بەخۆیەوە نەبینیٚ.

یەکێتی دیمۆکراتی کوردستان ئەوپەڕی خەم و کەسەری خۆی بەم بۆنەوە دەدەبڕیٚ و هیوای تەمەن درێژی بۆ بنەماڵە و کەس و کار و بەجیٚ ماوانی ئەو کارەساتە دەخوازیٚ.

**کوردیناسیۆنی یەکێتی دیمۆکراتی کوردستان**. ئێران

**2007/3/16**